ڕێباز حەملان: ئەگەر ئێمە بەشێکین لە عێراق کوا مووچەی خەڵکی کوردستان

یاریدەدەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، هەرێمی کوردستان سەرجەم ئەو پابەندیانەی لە ئەستۆی بووە جێبەجێیکردووە و پابەندی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکان بووە، دەشڵێت: “ئەگەر ئێمە بەشێکین لە عێراق کوا مووچەی خەڵکی کوردستان“.

رێباز حەملان، یاریدەدەری سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێم لە چاوپێکەوتنێکی میدیایی راگەیاند:“پێشتر رێککەوتنمان کردووە کە حکومەتی عێراق نەوت بفرۆشێت و داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ عێراق و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بدرێت و جگەلەوەش بودجە بۆ پارێزگاکان تەرخاندەکرێت بۆ هەرێمی کوردستان بودجە و مووچە نانێردرێت“.

دەشڵێت: “حکومەت و دەسەڵاتدارانی عێراق لە کۆبوونەوە و دیدارەکاندا هەموو کات دەڵێن هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و بەپێی دەستوور و ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە بەشێکین لە عێراق کوا مووچەی خەڵکی کوردستان“.